ص: 260-274
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# دۆخی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگ و دارایی شاری مەهاباد لە بەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکاندا ١٩٤٢-١٩٤٧ز

فەرەیدون حەکیم زادە

پەروەردەی مەهاباد، مەهاباد، ئێران

Email: feridoon.hakimzade@gmail.com

**پوختە:**

مەبەستی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکدانەوەی ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگ و دارایی لەسەر کۆماری کوردستان. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، لە مێتۆدی زانستیی وەک بەیان-شرۆڤە و هەروەها شیکاریی دەق و بەڵگەنامەکان کەڵک وەرگیراوە. ئەم توێژینەوە لە چوار تەوەری سەرەکی پێک دێ کە بریتین لە بارودۆخی شاری مەهاباد لە ساڵانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٧ز هاتنی سوپا بێگانە وەک ڕووس بۆ ناو شار- دووهەمیش دامەزرانی کۆماری کوردستان بە پێی ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگ و دارایی- سێهەم هێنانی چەند بەڵگەیەکی گرینگی ئابوری کە دەرخەری ڕادەی بەرزی یا نزمی بژێوی خەڵکانی ئەو دەڤەرەیە بە پێی ڕاپۆرتەکان ــ چوارەم تەرخانکردن و تاوتوێکردنی ئەو بەڵگانەی لەو دوو ئیدارە دەرچوون و چۆنییەتی بارودۆخی سیاسی ئەو فەترە زەمەنییە ڕوون دەکەنەوە. ئەم توێژینەوە گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامە کە گومرگ و داهاتی ئەم ناوەندە ئابوورییە لەوسادا گرینگییەکی تایبەتی بووە و یەکی لەو مژارانە بووە کە لەلایەن بەرپرسانی کۆمارەوە مشووری لێ خوارەوە و لەو پێناوەدا چەند ستراتیژیی سەرەکییان گرتووە بەر وەک: پەرەپێدانی ئابووری ناوچە لە ڕێگای هاندانی خەڵک بۆ کشتوکاڵ بە مەبەستی خۆبژێوی؛ پشتیوانی لە بەرهەمی خۆماڵیی وەکوو گەنم، جۆ و توتن و...، کۆنترۆڵی گومرگ لەبابەت ناردن و هاوردن و ڕێگریی لە فرۆشی داهاتی خۆماڵی لە دەرەوە و بەپێچەوانە، پشتگری لە فرۆشتن و خوردکردنەی داهاتی خۆماڵی لە چوارچێوەی سنوورەکانی حکومەتی کوردستاندا.

**کلیلە وشەکان:** کۆماری کوردستان، مەهاباد، گومرگ، دارایی، سۆڤییەت، توتن

**الملخص:**

هدف اصلی این تحقیق شامل تحقیق در مورد نقش ادارەی گمرک و دارایی در دورەی سالهای ١٣٢١-١٣٢٦ شمسی میباشد. برای رسیدن به این هدف از متد علمی مانند توضیحات متن و اسناد کمک گرفته شده است. این تحقیق از چهار موضوع پایه تشکیل شده که اول اوضاع مهاباد در سالهای ١٩٤٢ تا ١٩٤٧ میلادی بیان میکند. مانند آمدن سپاه روسیه به شهر- دوم تشکیل حکومت کردستان در آینەی اسناد و گزارشهای ادارەهای گمرگ و دارایی و سوم آوردن چند سند اقتصادی که موقعیت بالا و پایین بودن وضع اقتصادی مردم منطقه را نشان میدهد. چهارم کندوکاو در این سندهای این دو اداره و چگونگی اوضاع سیاسی آنزمان را روشن میکند.

این تحقیق به این نتیجه رسیده که درآمدهای گمرگ در آنزمان اهمیت خاصی داشته و یکی از این موضوعاتی بوده که مسئولان را بر آن داشت که مردم را به سمت کشاورزی سوق دهند. پشتیبانی از کاشت محصولات محلی مانند گندم و جو و توتون در راس کار آنان بود.

کنترل اداره گمرگ در صادرات و پیشگیری از فروش محصولات داخلی به بیرون از کردستان و برعکس.

**کلمات کلیدی:** مهاباد، گمرگ، دارایی، روسیه، توتون.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

The main purpose of this paper concerned with the review and survey of the role of custom management in Kurdistan republic (1946) government. To achieve this goal, by a historical approach, methods such as analytical-descriptive, text analysis and documentary analysis were used. This research includes four main topics, namely conditions of Mahabad city from 1942 to 1947; establishment of the Kurdistan republic in 1946; showing several historical documents about living of local people and analysis of custom office in the Kurdish government in Mahabad. The research findings suggest that Customs and its revenue were very important at that time as a result the authorities of the Republic of Kurdistan more or less have paid attention to this economic center; so, in this regard, they have adopted various strategies for example Economic development of the region with the aim of self-sufficiency and back up local products such as wheat, barley and tobacco. Controlling the customs office and supervising exports and imports So that they prevented the sale of domestic products outside the borders, while transactions inside the Kurdistan were encouraged by the Kurdish management.

**Keywords:** Republic of Kurdistan, Mahaba, Customs, Property, Russia, Tobacco.

## پێشەکی

گومرگ یەکێک لە بنەڕەترین سەرچاوەی ماڵییە بۆ دەوڵەتان کە نە تەنیا لە بواری ماڵییەوە قازانجی بۆ دەوڵەتان هەیە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ بەرەو پێش بردنی ڕەوتی ڕامیاری و سیاسی وڵاتان. بۆیە ڕادەی چالاکی گومرگ بۆ هەر وڵاتێک گرینگە. بە کەندوکۆژی بەڵگەکان دەتوانین لە چۆنییەتی پێک هاتنی ئەو بەڕێوەبەراییەتیە حاڵی بین. لە سەفەرنامەکان دا وشەی گومرگی شاهبەندەر و هتد بەرچاو دێ. وشەی گمرگ یونانییەکان داهێنانیان بۆ کرد و بە گومرکی بێژیان دەکرد. دواییش عوسمانییەکان وەریانگرت و قاجارییەکانیش دوایی لە عوسمانییەکان فێر بوون.(صفی نیا، بی تا، ۹-۱۰، محبوبی، ۲۵۳۷: ۲۷۹/۲). ساڵی 1898ی زایینی ناسرەددین شای قاجار بە هاوکاری بلژیکییەکان بە سەرۆکایەتی ئاغای نەوز Naus یەکەمین بەڕێوەبەرایەتی گومرگیان دامەزراند.(لیتن، ۱۹۷۸: ۱۷۸-۱۷۹) یەکێک لەو گومرگانەی لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی بوونی بووە و ئیشی لێکراوە گومرگی مەهاباد بووە.

لە ورمێ سمایل ئاغای شکاک(سمیتکۆ) بۆ وەرگرتنی گومرگ بنکەیەکی دانابوو کە لەتیف چاوەش ناوێک بەسەری ڕا دەگەیشت. ئەو شتومەکەی لە شارەکانی مەراغە و خۆی و تەورێز دەهاتنە ورمێ یا لە ورمێ ڕا دەچوونە شارەکانی تر دەبوو گومرگ کرێن و دەبوو وەسڵەی شتومەکەکانییان پێ بێ. ئەو زەمان توتن زۆر دەفرۆشا.
ئەوەش نمونەی وەسڵەکە لەوێ دا نووسراوە خاوەنی ئەو ماڵە هیچ کەس حەقی نییە ڕێگری بێ. دوایی بە زمانی فارسیش ئەوەی دووپات کردووەتەوە و جێگای واژۆی بۆ سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ، لەتیف چاوەش هێشتۆتەوە. (تمدن،۱۳۵۰: ٤۷۱).

اداره گمرکات ارومی
اجازەنامه لطیف چاوش
خودانی ئەوی پتن کومالی تجارەتی هەیە چە کس مزاحم نبیت. کە حامل مال استاندارد است.
این ورقه هیچ کس حق مزاحمت را ندارد.          محل امضا
***

لە دامەزرانی گومرگی مەهاباد سەدەیەک زیاتر تێپەڕ دەبێ، زۆر بەڵگەی کۆنی لەسەر هەن کە ڕێکەوتەکەیان دەگەڕێتەوە سەر تافی مۆزەفەرەددین میرزای قاجارـ ۱٦ی ئازاری ۱۸۹۹ز- ٥ی زیحەجەی ۱۳۱٦ی کۆچی مانگی ــ کە خوالێخۆشبوو محەممەدئەمین سەرڕشتەدار(سوارەی موکری) نووسیویەتی و لەمەڕ هێنانی شتومەک لە دەوڵەتی عوسمانی ڕا بۆ مەهاباد دەدوێ. سەرڕشتەدار بە مانای "حیسابدار"ی ئەوڕۆییە کە لە تافی حکومەتی قەجەری لە ئێران باو بوو. (صمدی،۱۳۸۰: ٥٦) .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية ص:260-274
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

تا ڕێبەندانی ١٩٢١ز تەواوی ئیشی گومرگی و دارایی شارەکانی تیکاب و شاهیندژ و سەردەشت (ئالان، ئەشکان، دەرماناوێ و قەڵەرەشێ) و پیرانشار(لاجان، ترکەش، کۆنەلاجان و پیران) لە ژێر دەسەڵاتی گومرگی مەهاباد دابوون و ئیشەکانیان لە مەهاباد بەڕێوە دەچوو. " لە ڕێکەوتی ١٣٢٠/٩/١هـ ، ٢٢ی نوامبری ١٩٤١ز شارەکانی تیکاب و شاهیندژ لە مەهاباد جیا بوونەوە و چوونە ژێر دەسەڵاتی مەراغە. (بەڵگەی ٧٧٠٧٧- ١٩٤٢)."گومرگی مەهاباد کە لە دەورەی کۆمار گوازرابۆوە میاندواو، شەش ڕۆژ دوای لە سێدارەدانی قازییەکان لە ١٣٢٦/١/١٦هـ ١٩٤٧/١/٦ز بۆ جاری دووهەم لە مەهاباد دەست بەکار بۆوە.(بەڵگەی٤٠٩/٢: ١٩٤٧)

***

ئاڵوگۆڕییەکانی ناوچە وەک پێک هاتنی کومیتەی ئازادیستان(١) لە ساڵانی ١٢٨٤ی هەتاوی- ١٩٠٥زایینی و دوایی کێشەکانی سیاسی جیهان لە ساڵی 1941ز و دەست پێکردنی شەڕی دووهەمی عالەمی و هاتنی هێزەکانی ڕووس بۆ شاری مەهاباد لە ٢٥ی تەموزی ١٩٤١ز، شوێنی لەسەر کوردستان بەگشتی و مەهاباد بە تایبەتی دانا. بۆ یەکەم جار لە ٢٥ ستامبری ١٩٤١، یەک مانگ پێش دەست بەسەر داگرتنی ئێران لەلایەن هێزەکانی بریتانیا و شۆرەوی، دو ئەفسەری ئینگلیسی و ئەمریکایی لە مەهاباد لەگەڵ قازی محەممەد چاوپێکەوتنیان دەبێ، لەو چاوپێکەوتنەدا، قازی محەممەد گەلالەی یەکگرتوویی کوردستان بۆ دو ئەفسەری ناوبراو باس دەکات، لێیان دەپرسێ چۆن دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ گەورەی ستادی هێزەکانی بریتانیا بگرێ. ئەفسەری ئینگلیس لەو چاوپێکەوتنەدا بەشێوەیەکی جوان هەڵسوکەوتی کرد و قازی محەممەدی بۆ ئەو گەلاڵەیە تەشویق نەکرد، دوایی ئەو سەر لێشێواویە بوو کە قازی محەممەد لەگەڵ شۆرەویەکان واریدی ووتوویژی سیاسی بوو.(کۆچێرا، ١٣٧٧، ١٩٧) بە چەشنێک پێشتر حیزبی ئازادیخواهانی کورد (بەڵگەی ١٧٦: ١٩٤٢) بە ڕابەری عەزیز زەندی (عەزیز ئەلمانی) و هاوڕێیەتی میرزا مستەفا سوڵتانیان و عەبدولڕەحمان زەبیحی و لە مەهاباد دامەزرابوون و دوایی بوونی کۆمەڵەی ژێکاف و پێکهاتنی حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە. نامەکانی وەزارەتی داخلە و بەڕێوەبەرایەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی گومرگ گوزارشن لەسەر بارودۆخ و چۆنییەتی هەڵس و کەوتی ئابوری و سیاسی خەڵکی ئەو دەڤەرە. ئەو لێکۆڵینەوە بەڵگەییە تێدەکۆشێ لە نیگای حکومەتی ئەو کاتە بروانێتە ڕووداوەکان و ڕاستی و درۆیەکان وەک ئەمری واقیعی ڕووداوەکان هەڵسەنگێنێ. ئەو بەڵگانە پیشاندەری باری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی خەڵکانی ئەوان دەمانن. خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی بەڵگە و نامەکان ڕادەی ئەمنی و ئابوری و سیاسی و پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان لەگەڵ دراوسێکان دەردەخا. خاڵێکی بەرچاو و سرنجڕاکێش تەداخولی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگ و دارایی لە کێشە ناوخۆیەکانی ئەو دەڤەرەیە کە بە پێی یاسا هیچ پێوەندی بەو دوو بەڕێوەبەرایەتییەوە نییە.

بۆمبارانی شاری مەهاباد لە ٥ی خەرمانانی ١٣٢٠هـ/ ٢٧ی ئابی ١٩٤١ز، کە بە ساڵی تەیارە ڕەشەکە مەشهور بوو و دوایی هاتنی سوپای ڕووسیا بۆ شاری مەهاباد ڕۆژێک دوای بۆمباران، لە تافی شەڕی دووهەمی عالەمی، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە هەڵس و کەوت خەڵکی ئەو دەڤەرە پێک هێنا. "سپای ڕووس بە پێچەوانەی هەڵس و کەوتییان لە ڕەوتی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەوجارە نە کەسییان گرت و نە کەسییان کوشت."(هێمن،١٩٧١: ١٧).

هاتنی سپای ڕووسیا و کەمڕەنگ بوونەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و هەروەها دارمانی حکومەتی پەهلەوی یەکەم، هۆکارێک بوو بۆ جموجۆڵی سیاسی و ئاشکرا بوونێکیی بە پەلە لە نێو پیاوانی ڕووناکبیری شاری مەهاباد. هاتوچۆی ڕووسەکان و بانگهێشتی سی کەس لە گەورەکانی مەهاباد بۆ وڵاتی باکو، هەروەها چاوپێکەوتنیان لە شاری باکو و میرجەعفەر باقرۆف سەرۆکی ئەودەمی، هەوای سەربەخۆیی و سەروەری لە مێشکی خوالێخۆشبوو قازی محەممەد و شاندی یاوەری زۆرتر کرد، هەڵبەت لە پێشداش ئەو بیرۆکەیە لە مێشکایان دا هەبوو، هەر ئەوە بوو کە لە گەڕانەوەیان لە ڕێکەوتی ٢٢ی/کانوونی یەکەمی/١٩٤٦زاییینی چالاکییە نەهێنییەکانی کۆمەڵەی ژ.یکافیان ئاشکرا کرد و ئێعلامی کۆماری کوردستان کرا.

"کاربەدەستانی کۆمارە ساواکەی کوردستان لە پێش هەموو شتێک دا بایەخییان داوە بە خۆبژێوی، بۆیە لایەنی چاندنی گەنم و جۆ و دەغڵ و دانییان لە لا گرینگ بووە، کە ئەو سەردەمەی ئابووریی ناوچەکەیان پێک هێناوە، واتە ئابوری لەسەر بناغەی کشتوکاڵ بووە، بۆیە بژیوی خەڵکیش بەستراوە بووە بەم بەرهەمە کشتوکاڵییانە. لە گۆڤاری نیشتمان ژمارە یەک حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٣ز باسێک دێننە ئارا بە ناوی "بۆ گەنم کڕ"،"(نیشتمان١٩٤٣،١: ١٦).

لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١١/١٩- ٨ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٦زایینی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٥ ئاگادارییەک بڵاو دەکاتەوە کە لەودا سەرۆکی شەریکەی تەرەقی کوردستان محەممەدئەمین موعینی داوا لە خەڵک دەکا و ئاوا دەنووسێ:" لە بەرهەمی کۆڕی ڕۆژی هەینی ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی وا قەرار درا سەرمایەی ئەسڵی شرکەت بە یەک میلیون تمەن دانراوە، کە سولسێکی نەغدە دو سولسی دیکە قەبزی سپردەی دوخانییە لە کەسانێکی پوڵی نەغدیان نییە، قەبوڵ دەکرێ، بەڵام

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

قازانجییان بۆ حیساب ناکرێ، هەتا وسوڵی پارە. ئەو قەبزانە و شرکەتی تەرەقی ئیزن درا کە سەرمایەی خۆی بە دوو بەرامبەر بۆ برە پارەکە زیاد بکرێ. کەسانێکی تا وێستا سەهمیان نەکڕیوە ئەوانیش دەتوانن بە قەبزی دانراوی دوخانییە هەرچەند سەهمێک بیانهەوێ بکڕن. هەر سەهمی شرکەت یەک هەزار تمەنە. لە بڕواری ئەو نووسراوەیە قەبزی دوخانییە قەبووڵ دەکرێ هەتا ئاخیری مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٤، هەرکەس دەیهەوێ قەبزی خۆیان بە نێوی شرکەتی تەرەقی بکەن."(کوردستان ١٥: ٤). شەریکەی تەرەقی لە مەهاباد وەک گومرگ ئیشی کردووە و نوێنەری لە مەهاباد هەبووە. قوماش و پارچەی هێناوە و لەگەڵ باشووری کوردستانیش مەعامەلە هەبووە. ئەو شەریکەیە دوایی تێکەڵ بە ئیدارەی گومرگ کراوە و دەستوری لەو وەرگرتووە.

نمونەیەک لە نووسراوەکانی بەرپرسانی کۆمار بۆ یەکتر کە لەودا دەردەکەوێ کە شەریکەی تەرەقی لە مەهاباد دا بوونی هەبووە. لەودا کەریم خوسرەوی سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی نەوتی مەهاباد داوای پارەی نەوتی ناردراو بۆ شەریکەی تەرەقی لە شارەوانی دەکا و غەنی خوسرەی سەرۆکی شارەوانی ئەودەمی مەهاباد شیکاری چۆنییەتی مەسرەفی نەوتی داواکاری دەکا. ئەو نوسراوەیە چۆنییەتی ئاڵوگۆڕ کردنی نامە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەودەممان پیشان دەدا.

**ئاغای کەریم خوسرەوی**

**جوابی ژمارە ١٨٦ـ ١٣٢٥/٩/١٧هـ** (٨ی/تشرینی دووهەمی/١٩٤٦ز) **موزوعی بیست بەرمیل گازاوییل و نەوتی ڕەشی مەسرەفی حەمامی شێر و خورشید، تا زەمانێک کە لە ژێر نەزەری من دا بووە، بەپێی وتەکانی خۆت بری هەزار تمەن بابەتی نرخی گازاوییل و نەوتی مەسرەفی ئەو ئاخیرانەی حەمامی شێر و خورشید دراوە بە شەریکەی تەرەقی و تا ئەوڕۆ بۆ تەسویەی ئەو هەزار تمەنە و تەکوزی بەڵگەی قەتعی حازر نەبوون. ئێستاش ئەمن نازانم لە ڕووی چ شتێکی نرخی بیست بەرمیل گازاوییل و نەوتی ڕەشی دەکەن؟ پێویستە خۆتان لەگەڵ کاغەزی حیسابەکان لە شارەوانی حازر بن تا حیسابی ناوبراو تاو و توێ بکرێ، هەڵبەت لەڕووی کاغەزی ڕەسیدەکان حیسابەکە پاک دەکرێتەوە.**

**سەرۆکی شارەوانی مەهاباد. خوسرەوی**

بەڵام بەڵگە و دۆکۆمێنتەکانی وەزارەتی دارایی و گومرگ لە باسی بنەڕەتی خۆیان واتە ئابوری و شتومەک و پارە، دەگوازنەوە بۆ ڕاپۆرتی ڕۆژانەی چۆنییەتی هەڵس و کەوتی پیاوانی دەخیل لەو پێکهاتە سیاسییەی کە لە مەهاباد هاتبووە ئاراوە.

***

**بارودۆخی گومرگ لە شاری مەهاباد لە ساڵانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٧ز**

هێزەکانی ڕووسیا بەدوای وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێراندا بوون، بۆیە پشتیوانیان لەبزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازی لەمەهاباد و تەورێز کرد، گەلی ئازەریی لە ئازەربایەجان (تەورێز) و کوردیش لەو هەوا خۆش و دلاوێنەدا خۆیان نەگرت و تووشی ئەزموونێکی قورس و لە هەمان کاتیش دا شادیهێنەر بوون. کۆمەڵەی ژ.ێکاف، دوای چەندین ساڵ نەهێنیکاری و چالاکی کەسانێکی وەکوو: حوسێن زێرینگەران (فروهەر)، عەبدولرەحمانی زەبیحی، عەلی ریحانی بە ئاشکرا کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. (حەکیمزادە،٢٠٢١: ١٩).

لە ماوەی حکومەتی یازدە مانگەی کۆمار و بەڕێوەبەرایەتی گومرگ لە هۆڵی شارەوانی قەرار بوو بگوازرێتەوە گاراژی تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی مانگی سوور، بەڵام سەرۆکی گومرگ قەبووڵی نەکرد. سەرۆکی گومرگ نامەیەک دەنوسێ بۆ سەرۆکی پارێزگای ٤ و داوای لێدەکا گومرگی مەهاباد بگوازنەوە بۆ شاری میاندواو و ژووریکیان لە حەساری کارخانەی قەندی میاندواو بدەنێ، پاشان دەنووسێ ئەو شوێنەی قازی محەممەد لە شاری مەهاباد داوینێ، شوێنی داکردنی ئەسپەکانی ڕووسەکان بووە(٢) و هیچ شیاوی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی مەهاباد نییە. (بەڵگەی٤ـ١٩٤٥)

**دامەزرانی کۆماری کوردستان بە پێی ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگ و دارایی**

لە ساڵانێک کە دەتوانین بڵێن حوکومەتی پەهلەوی دووهەم دەسەڵاتی لە کوردستاندا نەمابوو، کۆمەڵێک ڕاپۆرت و بەڵگە هەن لەمەڕ باس لە بارودۆخی شاری مەهاباد و فەرمانبەرانی غەیرە کورد لەو شوێنە کە هێزی دەوڵەت لەوێ سیفر و بێ دەسەڵات دیارە. بەڵگەکانی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ و دارایی باس لە ترسێکی لە ڕادەبەدەر دەکەن لە دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەردەوام داوای ئەوە دەکەن کە بنکەی گومرگ بگوازرێتەوە بۆ شاری میاندواو.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 260-274
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بازرگانی بەناوبانگی کۆمپانیای تەرەقی بەشێوەکی گشتی بازرگانی توتن بوو کە لەسەرەتادا بڕیار بوو بە دەوڵەتی ناوەندی ئێران بفرۆشرێت، بەڵام لە خاکەلێوەی ساڵی (1946) بازرگانی توتنی مەهاباد لەگەڵ ڕوسیا دەستی پێکرد، لە شاری تەورێز محەمەد ئەمین شەرەفی نوێنەری (قازی محەممەد) بۆ بابەتی فرۆشتنی توتن لەگەڵ "سەمەدۆف" کەوتە وتووێژ و داوای لێکرد کە بۆ فرۆشتنی توتن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ڕێکبکەون، دەوڵەتی ناوەندی ئێران و کۆمپانیای تەرەقی ڕێکەوتننامەیەکیان لەگەڵ (ئاغا بێگ ئۆف) ئەفسەری بازرگانی ڕووس واژۆکرد، بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتننامەیە تەواوی توتنی کۆماری کوردستانیان کڕی بە نزیکەی هەشتا هەزار دۆلار، کە بەشێکیان بە پارەی ڕایجی ئێرانی وەرگرت و کەلوپەلی پێویستیان لە جێگای بەشێکی دیکەی پارەکە وەرگرت. (ئیگلتون، 2009: 158).

ئابالاس ئاماژە بەوەدەکات کە کۆماری کوردستان لەمانگی مەی 1946 توتنی بە نرخێکی نەگونجاو بە ڕوسیا فرۆشت و لەو ڕێگایەوە کۆمەڵێک پێداویستی خۆی دابینکرد، لەراستیدا بارودۆخی ئابوری کۆماری کوردستان بەتەنها بە فرۆشتنی بەرهەمی توتن بە ڕووسەکان دابین نەدەبوو (ابالاس، ۱۹۹۹: 68).

ڕۆزڤێڵت ئاماژە بەوەدەکات کە دەرامەتی ئابوری عەشیرەتەکانی مەهاباد لەسەر بەرهەمی توتن بوو کە ئەو بازرگانیەش بەبێ بازاڕەکانی ئێران توانای بەردەوامیدانی نەبوو لەژێر گوشارێکی ئابوری گەورەدابوون، لەهەمانکاتدا بارودۆخی سیاسی کۆماری مەهابادیش لەمپەرێکی دیکەی بەردەم ئابوری مەهاباد بوو بەتایبەت هاتنی ژمارەیەکی زۆری بارزانیەکان لە باشووری کوردستانەوە بۆ مەهاباد گرفتێکی دیکەی بەردەم ئابوری ناوچەکە بوو ناچاربوون بەرووبوومە خۆراکیەکانییان لەگەڵ بەش بکەن (ڕۆزڤێلت،۱۳۷۸: ٤٧). "کاتم" لەکتێبی ناسیۆنالیزم لە ئێران دەنوسێت:"بەربوومی سەرەکی کوردستان توتن بوو، بازاڕی توتنیش بازاڕی شارەکانی ئێران بوو، بۆ ئەو کوردانەش کە سەرچاوەی ژیانیان کشتوکاڵ و توتن بوو پچڕانی پەیوەندی ئابوری لەگەڵ شارەکانی ئێران لەمپەرێکی گەورەی لەبەردەمدا دروست کردبوو (کاتم، ۱۳۹۹: 111).

**" جەنابی ئاغای سەرۆک وەزیران**

**وەکوو دەبینن بەهۆی پێک هاتنی دوو حیزبی نەیار بە ناوی کومالا و حیزبی تودە، دژایەتییەکانی ناوچەیی لە زیاد بوون دایە، بە چەشنێک کە قایمقامەت و تاقمێک لە سەرۆکانی ئەوێی دەست بەسەر کردووە و دوایی ئازادیان کردوون و ئەوە فەرمانبەرانی دەوڵەتی ترساندووە. داواکارین دەستوری پێویست بدەن بۆ هاتنەوە هێمنی بۆ شوێنی باسکراو و هێورکردنی بارودۆخەکە.**

**لە لایەن وەزیری دارایی ـ سەرۆکی گشتی گومرگ، زەللی (بەڵگەی ۲۱۰٤۳: ۱۹٤٥).**

بەڵام ئەو گواستنەوە تەنیا ترس بوو و گومرگی مەهابادی نیشتەجێ لە میاندواو نەیتوانی کاروباری گومرگی شاری مەهاباد جێ بە جێ بکات. دەسەڵاتدارانی کۆماری کوردستان لە پێشدا ئاغای فەهمی و دوایی جەعفەر کەریمی(فەرماندەی هێزی پێشمەرگە)یان کردە سەرۆکی گومرگ لە مەهاباد. (کوردستان ۲۸،۸٥: ۱۹٤٥)

***

**وەزارەتی دارایی**
**بەڕێوەبەرایەتی کولی گومرگ**
سەرۆکی بەشکۆی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ئازەربایجان
عەینی ڕاپۆرتی ڕێکەوتی ۱۳۲٤/۷/۲۰ی ئاغای فەلاتی کەفیلی بنکەی گومرگی مەهاباد

وەکوو وەبیری موبارەکتان دێ، ماوەیەک لەمەوپێش لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پارێزگا فەرمان هاتووە کە بینای ئێستای گومرگ چۆل بکرێ و ئۆفیسی ئیدارە بگوازرێتەوە بۆ ژوورەکانی شارەوانی. بۆ جێ بە جێکردنی ئەو ئیشە لەگەڵ ئاغای شارەوانی مەهاباد، قسە کراو قەرارمان وایە دوای چاک کردنەوەیەکی بچوکی بینایەکە، جارێ لە شوێنی ناوبراو بمێنینەوە و دوایی دەست بکەین بە کڕینی شوشەی دەلاقەکانی بیناکە.

بەڵام ماڵی ڕۆشنبیری مەهاباد ئەو شوێنەی لە شارەوانی وەرگرتووە و بۆ خۆی خاوێنی کردووە و وەک ماڵی ڕۆشنبیریی ژمارە دوو کەڵکی لێوەردەگرێ. لە حاڵێکدا ماڵی ڕۆشنبیریی پێشوو کراوەیە و دەتوانین بڵێین ئێستا مەهاباد سێ ماڵی ڕۆشنبیریی هەیە. نۆکەری جەنابت دوای دیتنی ئەو کردەوەی ماڵی ڕۆشنبیری، ناچار چوومە لای ئاغای قازی محەممەد کە هەموو کارەی شارە. قسەم لەگەڵ کرد و لە وەڵام دا وتی چۆن بیناکانی شارەوانی گشتیان موڵکی شار و خەڵکن، بۆیە ئەمن هیچ ئیشێکم بۆ ناکرێ. منیش

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

وتم دەی کەوابوو منیش پێویستە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پارێزگا ڕاپۆرتێک بدەم، بزانم کە ئێمە لێرە چ بکەین؟ لە ئاخیر دا قەرارمان دانا کە ماوەیەکی یەک حەوتووی بدرێ بە گومرگ تا چۆلی بکەین. تا گومرگ شوێنێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. هێشتا لە فکری چۆنییەتی تەکوزی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەرایەتی پارێزگا بووم کە پیاوەکانی قازی هاتنە ئیدارە و وتیان ئەمری ئاغای قازی محەممەدە کە بەزوویی بیناکە چۆل بکەن بۆ قووتابخانەی دواناوەندیمان دەوێ، و ئیشێک مەکەن کە ناچار بە شتێکی نەخوازراو بین و دوایی ببێتە هۆی خەجاڵەتی. لە ماوەی چەند ڕۆژ ئەو وڵامانە لە لایەن تفەنگچییەکان بۆ ئێمە دەهات. ئیدی ئاخیری ناچار بووم دیسان بچمەوە لای قازی و شارەوانی و داوا بکەم لانیکەم شوێنی قووتابخانەکە داوای بینای گومرگ دەکا و چۆل دەبێ، بماندەنێ، لە وڵامدا وتییان بینای پێشووی قووتابخانەکە قەرارە بدرێ بە قووتابخانەی سەرەتایی پەروین و چۆل نابێ. و وتییان بنکەی گومرگ بگوازەوە بۆ گاراژ کە چۆلە و مڵکی شیروخورشیدە. لە حاڵێکدا گاراژی ناوبراو عەیبی زۆرن کە لێرە بە عەرزو دەگەێنم.

گاراژی شیروخورشید ساڵی پێشوو تەویلەی ئەسپی هێزەکانی یەکییەتی سۆڤییەت بوو و نوێنەری یەکییەتی سۆڤییەت ئەو ئەسەپانەی کڕیبوویان لەو شوێنە ڕایاندەگرتن و تەنانەت ئێستاش شوێنەواری ئاخوڕ و کورتانی ئەسپەکان ماون و دوای ڕۆیشتنی کەسانی یەکییەتی سۆڤییەت بۆتە جێی خەڵکی فەقیری شار و ئەو پیساییانە هەر ماون و خاوێن نەبوونەوە. (١٣٢٤/٧/٢٠هـ، ١٢ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ز)

**چەند بەڵگەیەکی گرینگی ئابوری لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد**

لە بواری ئابوورییەوە لە تافی جمهوری کوردستان گومرگ کەوتە دەست کوردەکان و زۆریان لا گرینگ بووە. بە دەیان ئاگاداری لەسەر ڕەوشی کڕین و فرۆشتن و دانی ماڵیات و گومرگ لە ڕۆژنامەی کوردستان دا هاتووە کە نیشان دەدا باری ئابووری ناوچە تا چ ڕادەیەک گرینگایەتی تایبەتی خۆی هەبووە.

(مینۆرسکی) لەگەشتێکیدا بەناوچەکە تێبینی چەندین بەروبومی کشتوکاڵی کردووە لەناوچەکەو لەگەڵ چەندین سەرچاوەی ئاوی سازگار و کێڵگەو لەوەرگای زۆرو کەش وهەوای خۆش (مینۆرسکی، 2007: 99) کە ئەمەش هۆکاربووە بۆئەوەی وەک بدیعی دەڵێت چەندین جۆری کشتوکاڵ لەناوچەکە بەرهەم بهێندرێن، وەک (توتن و گەنم و جۆو گوڵەبەڕۆژە و چەوەندەر و ماش وپەمۆ و برنج و گەنمەشامی و هەرزن) (بدیعی، 1373: 87). شەمیمی هەمەدانی ئاماژە بەوەدەکات کە پاش گەنم، توتن گرنگترین بەرهەمی ناوچەکانی کوردستانە و توتنی ئەو ناوچانە باشترین توتنە لەڕووی گەڵاو بۆن و جۆرەوە(شەمیمی هەمەدانی،1980: 80).

لەڕاستیدا دەرامەتی ئابوری کۆماری کوردستان بەتەنها بە فرۆشتنی توتن بە ڕووسەکان دابین نەدەبوو، بەڵام ئەوە ڕوون بوو کە بارودۆخی ئابوری مەهاباد بەبێ بازرەکانی حکومەتی ئێران نەیدەتوانی سەرکەوتوو بێت هەربۆیە فشارە ئابوریەکانی حکومەتی مەرکەزی ئێران لەمپەرێکی گەورەبوو لەبەردەم بازرگانی مەهاباد لەلایەک و بارودۆخی ئابوری کۆماری کوردستان لەلایەکی دیکەوە.

**"ئاگاداری**

**بە بۆنەی ئەوە کە ئەسبابی بازرگانی لە مەنتەقەی کوردستاندا زۆر و مەوجودە لەو بەروارەوە بە تەواوی بازرگانانی کوردستان ڕادەگەێندرێت تا دەستوری دوایی هیچ کەس حەقی وارد کردنی ئەو چەند شتانەی خوارەوەی نییە.**

**١- ماڵی گەزی لە قەبیل خوری و لۆکەی وەتەنی و خاریجی هەموو نەوعە**
**٢- بلوریات چین و هەموو نەوعە**
**٣- کرمیت (؟)**

**و لە کاتێکدا کەسێک پێچەوانەی ئەو دەستورولعەمەل و ماڵی وارد بکات ماڵەکەی بۆ جێگایەکی کە لێی هێناوە دەگێردرێتەوە و ٢٠ پوتیش بە قازانجی دەوڵەتی کوردستانی لێدەسێندرێت.**

**زمنەن ئەو حوکمە لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ و لە تەواوی شارەکاندا دەبێ ئیجرا وبە جێ بگەێندرێ و گومرگی مەجلیسی پێ ڕابگا و لە جێگایەک کە ئیدارەی گومرگی نەبێت پێویستە ئیدارەی ماڵییە ئەو ئەمرە ئیجرا بکات.**

**کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکڕات کوردستان."(کوردستان ٢٦: ١٩٤٦،٤)**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەو ئاگادارییە دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان یەکەم نووسراوەیە کە لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپ بووە. ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی کۆماری کوردستان لە زۆر ژمارەی خۆیدا باسی کشتوکاڵ یا چۆنییەتی ڕەعمەل هێنانی گەنم و جۆ و تووتن دەکا. لە ژمارە ٥٢- ٢ی ئەیاری ١٩٤٦ مام ئەحمەد ئیلاهی وتارێکی دورودرێژی بە ناوی "ڕەنێو هێنانی تووتن" نووسیوە.

**چەند بەڵگەیەکی گرینگی سیاسی گومرگ لە تافی کۆماری کوردستان لەسەر بارودۆخی مەهاباد**

بە پێی بەڵگەنامەکان کۆماری کوردستان گومرگ لە شاری مەهاباد دەگوزرێتەوە و کۆماری کوردستان، جەعفەر کەریمی دەکاتە سەرۆکی گومرگ تا بە ئیش و کاری گومرگ ڕابگا. داهاتەکەی لە مەهاباد خەرج کراوە. تەنانەت لە کاتی دادگا کردنی خوالێخۆشبوو پێشەوا و هاوڕێیانی لە چوارچرای مەهاباد باسی داهاتی گومرگیان کراوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بازرگانی شاری مەهاباد زۆر کاریگەری بازرگانی ڕووسی بەسەرەوەبوو، بێگومان ئەمەش کاریگەری لایەنی سیاسی بەسەرەوە بوو، زاڵ بوونی دەسەڵاتی رووس لەناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران و لەناویشیاندا مەهاباد ڕۆڵی دیاری هەبوو بەتایبەت کنسوڵەکانی تورک لە تەورێز، ورمێ و مەهاباد زۆرگرنگیان بە مەسەلەی بازرگانیکردن لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکان دەدا.

ئەم بارودۆخە درێژە دەکێشێت هەتا بە دامەزراندنی کۆماری کوردستانیش لەمەهاباد لەساڵی (1946) بازرگانی مەهاباد ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە نەخشی ئابوری ناوچەکەدا، هەرچەندە لەسەرەتاوە حکومەتی مەرکەزی ئێران بەهۆی نارەزایەتی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەوڵیدا پەیوەندیە بازرگانیەکانی مەهاباد بپچڕێنێ و ئابڵوقەی ئابوری بەسەر مەهاباددا بسەپێنێت، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکیش کاتێک دەوڵەتی مەرکەزی ئێران ئامادە دەبێت بەرووبومە کشتوکاڵیەکانی ناوچە کوردیەکان بکڕیت کە خەڵک چەکەکانی خۆیان تەسلیمی دولەت بکەن.(٣)

بۆ ئەمەش لەهەوڵدا بوو چالاکییە ئابوری و بازرگانییەکان لەمەهاباد بپچڕێنێت، بەڵام کۆماری کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە بواری ئابوری و بازرگانیداو وەک یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی دەوڵەتداری لەو بابەتەی دەڕوانی ئەمەش وایکرد هەتا لە مەراسیمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا یەکێک لەو چینانەی بایەخیان پێدرا بازرگانەکان بوون، یەکێک لەو بازرگانیانەی کە لەسەردەمی کۆماردا برەوی هەبوو بازرگانی تووتن بوو، بۆ ئەمەش ئەرکی فرۆشتنی تووتنی مەهاباد ئەسپێردرا بە کۆمپانیای (تەرەقی)، بەپێی ڕێکەوتنێک لەنێوان بازرگانانی تووتن لەمەهابادو کۆمپانیای ناوبراو، بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمپانیایە لەگەڵ بەڕێوەبەری دارایی مەهاباد چاودێری ئەو ڕێکەوتنەیان دەکردو سەرەتا لەڕێگەی تاران و دوایش لەڕێگەی تەورێزو ڕوسیاوە ئەرکی فرۆشتنی تووتنی مەهابادیان لەدەستدا بوو. (امیدی، 1389: 71-72 چاپ نەکراو).

**بەڕێوەبەرایەتی بەڕێزی گومرکی ئازەربایەجان**
**ژمارە ٥٥٦ ڕێکەوت ٢٤/٦/٢[١٣]هـ**

بەڕێزەوە بە ئاگاداریتان دەگەێنم کە دوو حەوتە پێش ژاندارمەری ڕەزائیە سێ کەس لە ئەندامانی حیزبی کۆمەڵەی [ژ.کاف] (کە حیزبێکە کە لەو ئاخیرانەدا لە مەهاباد پێک هاتووە و مەرامیان سەربەخۆیی کوردە) ناردۆتە گوندی زێڕۆبەگ لە عێلی هەرکی، لێیان دڕدۆنگ بوون و چون نووسراوەی حیزبیان پێ بووە، دەستبەسەر کران و ناردرانە سەنتەر [تاران]. دوای ئاگادار بوونەوەی حیزبی ناوبراو لەو کردەوەی ژاندارمەری، ئەوانیش بە تۆڵەی ئەو کردەوەیە سێ کەس لە سەرانی شار وەک قایمقام و حاکم و سەرۆکی دارایی دەستبەسەر دەکەن و قەرار بوو باقی سەرانی شار لای خۆیان دەستبەسەر کرێن، بەڵام چون لەلایەن قایمقام نووسراوەیەکی بۆ زەمانەت دانابوو کە گیراوەکانیان ئازاد دەبن، لە گرتنیان دەستیان کێشاوە و تەنیا لەژێر چاوەدێری بوون و چوونە دەریان لە شار پێشی پێ دەگیرا. ئەو کردەوەیە تا دوو ڕۆژ لەمەو پێش کە هەواڵی ڕزگاربوونی گیراوەکانی [حیزب] گەیشت، بەردەوام بوو. لەلایەکی تر لەو حەوتوویە غەیری حیزبی کۆمەڵە [ژ.کاف] حیزبی تودەش پێک هات و هەرکام چالاکیی خۆیان دەکرد. عەیبی ئیشەکە ئەمە بوو مەرام و ڕاوبۆچوونی هەردووک دژی یەکتر بوون. تەنانەت شەوی ڕابردوو هەر دەستە لەلایەکی شەقام سوخەنرانی و پروپاگەندەی دەکرد، هێندەی نەمابوو هەڵلایەکی گەورەی لێ بکەوێتەوە.

بەهەرحاڵ دەستبەسەر کردنی سەرۆکی ئیدارات و گێلمەگێلمی حیزبی کۆمەڵە و تودە سەرانی شاری نیگەران کردووە. بۆیە ئاغایانی قایمقام و حاکم و سەرۆکی دارایی و چەند کەسیتر لە ئیدارەکان بە بۆنەی پشوودان شوێنی خزمەتییان جێهێشتووە و ئەو جێهێشتنەی سەرۆکەکانی ئیدارات هەر نیگەرانی لە بارودۆخی شار چاوەڕوان دەکرێ.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەو نووسراوەیە بۆ ئاگاداریی سەرۆک ڕاگەیەندرا و زیاتر باسەکە دەکەم کە وەزعی شار ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێ و حیزبەکان بە گەرموگوڕیکی زۆرتر لەسەر چالاکییەکانیان بەردەوامن.

کەفیلی بەڕێوەبەرایەتی گومرک- فەلاتی

***

لە بەڵگەی سەرەوە کە باسی گیرانی سێ کەس دەکا عەبدولڕەحمان زەبیحی(بیژەن.٢)، محەممەد دڵشاد ڕەسووڵی و قاسم قادری قازی(ق.ق. پیاو ١٠٥٣) کە لە مانگی خەرمانانی ١٣٢٤هـ/ ئابی ١٩٤٥ز دەگیرێن و ماوەی ٨ مانگان دەست بەسەر دەکرێن. ئەو بەڵگەیە نیشان دەدا کە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان لە فکریان دابووە و لایان گرینگ بووە، ئازاد کردنیان. هەر بۆیە ئیزنیان نەداوە چەند کەسایەتی حکومەتی مەهاباد جێ بێڵن تا بەڵێنی ئازادی ئەو سێ کەسەیان وەرنەگرتووە. بۆیە دوای نزیکەی ٨ مانگ لە ڕێکەوتی ١٥ی کانوونی دووهەمی ساڵی ١٩٤٦ز ئازاد دەکرێن و لە ڕۆژی سێی شوباتی ١٩٤٦ز دەگەڕێنەوە مەهاباد. هەڵبەت قادر قاسم قازی بۆ دەرمانی چاوی لە خەستەخانەی تەوریز دەمێنێتەوە. (کوردستان، ژمارە٩: ١٩٤٦،٤)

***

**گومرگی تەوریز**
**بەڕێوەبەرایەتی کولی گومرگ**
**بابەت: بارودۆخی مەهاباد**

بە ڕاپێچی نووسراوەی ژمارە ٤ی ڕێکەوتی ١٣]٢٤/٦/١]هـ ئاغای غولامحوسێن ئێقباڵ ئازەر کارگێڕی سەنتەری گومرگی مەهابادی بۆ ئاگاداری پێشکەش دەکرێ. هەروەک ئاغای ئازەر لە دەقی نامەی خۆی ئاماژە دەکەن و ئاغای فەلاتی کەفیلی پێشووی دەفتەری ناوبراو بەپێی ڕاپۆرتی ژمارە ٥٥٦ی ڕێکەوتی ١٣]٢٤/٦/٢]هـ کە کۆپی ئەوی بە ژمارە ٥ی ڕێکەوتی ١٣]٢٤/٦/١٢]هـ خۆیدا کە نەهێنییە پێشکەش دەکرێ، شی کردۆتەوە. بارودۆخی ئێستای مەهاباد لە باری ئەمنییەت و نیزامی بە هیچ لەونێک گونجاو نییە و بە تایبەت بە بارودۆخی ئێستا کە شارستانی ناوبراو بۆتە بەستێنی چالاکی و ڕقبەرقەی دوو حیزبی دژبەیەکی کۆمەڵە (حیزبێکە کە لەو دوایانەدا لە مەهاباد ساز بووە و مەرامی گۆیا سەربەخۆیی کوردە) و حیزبی تودە. فەرمانبەرانی غەیرە کوردی ئیدارات سەرەڕای ئەوەی کە ئازادیان نییە، بەڵکوو ئەمنییەتی گیانیان نییە و بە کەمێک شێواوی لە بارودۆخی شار تەواویان بەرامبەری زەرەری ماڵی و گیانی دەبنەوە. ئەگەر سرنج بدەنە ڕاپۆرتەکانی ئاغایان ئیقباڵ ئازەر و فەلاتی دەبینن کە لە بەرهەمی دەستبەسەرکردنی سێ کەس لە ئەندامانی حیزبی کۆمەڵە [ژ.کاف] لەلایەن دەوڵەت، ئەندامانی‌تری حیزبی ناوبراو سەربزێوی و شۆڕشیان کردووە و سێ کەس لە کارگێڕانی ئیدارات (قایمقام- حاکم- سەرۆکی (دارایی)یان بە توڵەی ئەو سێ دیلە گرتووە و باقی مەئمورە دەوڵەتییەکانی شار لەژێر چاوەدێری دان یا ناهێڵن لە شار بچنە دەرێ. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئازادی گیراوەکانی حیزبی لە مەهاباد، حیزبی ناوبراو گیراوەکانی خۆی ئازاد کردن و جارێ کێشە بۆ مەئمورین ساز ناکا. بەوپێیە و بە سرنجدان بە ئەوەی کە جارێ زۆربەی نارازییەکان خەڵکی مەهابادن و چەکدارن و هێزی نیزامی ئێمە لەوێ نین، دەبێ بیسەلمێنین کە مانەوەی دەفتەری گومرگ لە مەهاباد بەغەیری کێشەسازکردن بۆ تاقمێک کارگێڕ و خزمەتکاری قەڵەندەر کە ماڵ و منداڵیان بەرامبەرن لەگەڵ خەتەری ماڵی و گیانی، فایدەی نییە و داواکارم هەروەک ئاغای ئێقباڵ ئازەر کارگێڕی دەفتەری ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەی‌دا پێشنیاری دابوو، ئیزن بدەن تا دەفتەری گومرگ بە زوویی بگوازرێتەوە میاندواو تا بارودۆخ وەک باسم کرد ئاوا بێ، لە میاندواو درێژە بە خزمەتەکانییان بدەن.

وەکوو لە ڕاپۆرتی ژمارە ٥١٧٧ ڕێکەوتی ١٣٢٤/٦/٤هـ باس کراوە، بوونی دەفتەری گومرگی لەناوچە کوردنشینەکان لە ئێستادا زۆر لە دەوڵەت بە قازانجی دانیشتوانی ئەوە ناوچانەیە کە زۆربەیان پیشەیان قاچاقچین، چون خەڵکی ناوچەی ناوبراو زۆربەی کات بۆ ڕاگوستنی شتومەکی قاچاق بۆ پارێزگاکانی ٣ و ٤ وەکوو: تەورێز و مەراغە و ڕەزائیە لە عێراق شت داخڵ دەکەن. چون لەو شارستانە ناوبراوانە هێزی نیزامی زۆرە و پێش بە شتی قاچاق دەگیرێ، ئەوەیە کە پێیان خۆشە لە شاری خۆیان دەفتەری گومرگ هەبێ تا لەگەڵ ئیجازەکە شتی تریش قاچاق بکەن ڕەگەڵی بخەن، دەنا وەک دیتراوە، قاچاقچیانی ناوچە ناوبراوەکە زۆربەیان چەکدارن و شتومەکی خۆیان هیچ نادەنە دەفتەری گومرگ و بە ئازادی دەیفرۆشن. بۆیە بوونی دەفتەری گومرگی بە هۆکاری باسکراو و نەبوونی هێزی دەوڵەتی دەتوانن بە پارەیەکی زۆر کەم شتی خۆیان گومرک بکەن و ئیجازەی ڕەسمی بۆ شتی تر وەرگرن. بە قازانجی خەڵکی ناوچەی ناوبراوە و تاقیش کراوە تا ئێستا چەند جار مەئمورەکان لەلایەن کوردەکانی مەهاباد دەستڕێژیان بۆ کراوە و تەنانەت چەند ژنیش کوژراون، چون بوونی گومرگ لەوێ وەک بە عەرزم گەیاندن بە قازانجی خودی کوردەکانە. کاریان بە مەئموری بەڕێوەبەرایەتی گومرگ نەبووە، بەڵام بارودۆخی ئێستای مەهاباد لەگەڵ پێشوو جیاوازی هەیە،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئێستا دو حیزبی دژی یەکتر لەوێ لە بەرانبەر یەکتر وێستاون، چون هەر دوو حیزب چەکدارن و ئەگەر ئەوان لێکدانیان هەبێ، خەتەرە بۆ هەموو فەرمانبەرانی ئەوێ، چ گومرگ بێ و چ غەیرە گومرگ. بۆیە مانەوەی مەئمورەکانی گومرگ لە مەهاباد دروست نییە، بەڵام بارودۆخی میاندواو گونجاوە لە مەهاباد چاکترە. ئەگەر گومرگ بگوازرێتەوە میاندواو و خەڵکی ناوچەی سەرسنوور بۆ گومرگ‌کردنی شتەکانیان دەچنە [میاندواو] و بەرهەمی ئەو کارە لەباتی بۆ مەهاباد بێ، لێرە بۆ ئێمە دەبێ.
لە باری هەڵکەوتن میاندواو لەسەر ڕێگای ناوچە کوردنشینەکانە و بۆی هەیە قاچاقچییەکانی بانە و سەقز و بۆکان بکەونە ژێر چاوەدێری و پێش لە کەڵکی خراپ بگیرێ. داوا دەکەم کە بە سرنجدان بەو تێبینیانەی سەرەوە، بڕیاری کۆتایی بدەن تا ئێمەش لەسەرگەردانی بێینەدەرێ.

لە کۆتایی دا عەرزتان دەکەم کە قایمقامی مەهاباد لەوێ چووەتە دەرێ و هاتۆتە مەراغە.

سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ئازەربایەجان- نیکجو

***

ئەو بەڵگەیە دوای ئازادکردنی سێ کەسی باسکراوە دابووە، عەبدولرەحمان زەبیحی(بیژەن.٢)، محەممەد دڵشاد ڕەسووڵی و قاسم قادری قازی(ق.ق. پیاو ١٠٥٣). لەو بەڵگەیە سەرەڕای ئەوەیکە باسی ئەوە دەکا کە گیراوەکانی هەردولا کێشەیان نەماوە، ئاماژە بەوە دەکا کە بوونی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ لە شارە کوردنشینەکان هەڵەیە و کوردەکان پارەی شتومەکەکانییان نادەن، بۆیە ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی بچێتە شاری میاندواو زۆربەی شارە کوردنشینەکان دەکەونە داوی گومرگ و دەبێ حەقی خۆیان بدەن. هەروەها بۆ ڕازیکردنی سەرۆکەکانی خۆی دڵەڕاوکێی خۆی لە مانەوەی کارگێرانی خۆیان دەردەبڕێ.

***

١٤٩٠ـ ٢٥/٧/١٧[١٣]

**نەغەدە**

جەنابی ئاغای سەییدئەحمەد بەخشداری بەڕێزی سڵدوز

لە دوای ژمارە ١٤٧٩ـ ٢٥/٧/١٦[١٣] لەمەڕ ئاغای حەسەن‌زادە کە ئێستاکە لە نەغەدە دەست بەسەر کراوە، ئەگەر ماڵی کڕیووە، گومرگی ماڵەکەی لێوەگرن و ئازادی بکەن، و ئەگەر ماڵیشی نەکڕیووە دەستوور بفەرمون کە کێشەی بۆ پێک نەهێنن و بینێرنەوە.

کەریمی

سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی گومرکاتی کوردستان، کەریمی

مۆرـ گمرکات کوردستان ١٣٢٥هـ

***

لەو بەڵگەیەدا کە بە زمانی کوردی نووسراوە و مۆر و ئیمزای کوردەکانی پێوە دیارە، جەعفەر کەریمی سەرۆکی گومرگ بووە و دەر دەکەوێ کە بەڕێوەبەرایەتی گومرگ لەو سەردەمەدا چالاک بووە. و لە کاتی نووسرانی ئەو نامەیە مەهاباد خۆی خاوەنی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ بووە.

**گمرکاتی کوردستان**

**بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگ**

١ـ بە عەرزو دەگەێنم کە ڕۆژی نۆی خەرمانان لە تەورێز ڕا وەڕێکەوتم و ڕۆژی دیەم گەیشتمە مەهاباد و ڕۆژی یازدەهەم بەڕێوەبەرایەتی گومرگم لەوێ کردەوە و فەرمانبەران دەست بە کار بوون.
٢- چۆنییەتی ڕێک و پێک کردنی ئەو شوێنە لە وڵامی تەلگرافی ٨٣٧٣ ڕێکەوتی ١٣٢١/٦/١٥(١٩٤٢/٦/٦ز) ئامادە دەکرێ دەینێرمە خزمەتتان.
٣ـ لێرە هەلەکە دەقۆزمەوە ئەو شتانە دیومن لەسەر بارودۆخی ناوچە بۆتان باس دەکەم.

الف) وەکوو لە خوار تەلگراف بە ژمارە ٨٣٧٣/٨٣٧٧ ڕێکەوتی ١٣٢١/٦/١٥(١٩٤٢/٦/٦ز) نوسیبووم دەوڵەت لە مەهاباد دەسەڵاتی نییە و نەزم و نیزامی ئێرە ئێستا لە دەست کوردان دایە و خەڵکی ئێرە لەو موزوعە ناڕازین، بەڵام ناوێرن هیچ بڵێن.
٤ـ بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەتی کە ئێستا لێرە چالاکن بریتین لە:


Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**قایمقامەت، بنکەی پۆلیس وەزارەتی داد، ئیدارەی سەبتی ملْک، دارایی، رۆشنبیری و گومرگ**

قایمقام ــ ئەو بەڕێوبەرایەتییە ماوەی پازدە رۆژە لە ماهاباد کراوەتەوە. بەڵام ئاغای قایمقام هیچ دەسەڵاتی نییە، و لە سووچی ژووری قایمقامەت (باقی شوێنەکانی بیناکە لە دەست کوردەکان دایە) سەیری رەوتی ناوچە دەکەن. پێراگەیشتنی کاروباری شار کەوتۆتە سەرشانی کاکەسوار کە نوێنەری عێلی مەنگوڕە. ناوبراو لە لایەن ئاغای ئەمیر عەشایر و باقی سەرۆکانی عەشایر کراوەتە سەرۆکی ئینتزاماتی شارستانی مەهاباد و تاقمێکی سوار لەگەڵە.

بنکەی پۆلیس ــ ئەو بەڕێوبەرایەتییەش ماوەیەکە لە مەهاباد کراوەتەوە و ٤٠ فەرمانبەری هەیە و لە بەرهەمی تەداخولی کوردەکان لە ئیشەکانی شاری مەهاباد، بنکەی پۆلیس تواناى جێ بە جێکردنی ئیشەکانی شاری نییە و تەنیا تا ئەورۆ توانیویانە خۆیان و چەکەکانیان رابگرن.

مەحکەمە ــ چۆن هێزی عەسکەری نەبوو، مەحکەمە هیچی بۆ ناکرێ.

بەڕێوەبەرایەتی ــ بارودۆخی تۆمارگەی ملْک و ماڵ لە هی مەحکەمە خۆشتر نییە.

دارایی ــ سەرەڕای ئەوەیکە دەوڵەت تێکۆشاوە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانییوە گەنم و توتونی ساڵی پێشوو کۆ کاتەوە. کڕیاران لە بازاری رەش کڕین و فرۆشتنیان دەکرد و کەسیش ناتوانێ پێشییان پێکرد.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێر کردن ــ چۆن ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لایەنی ماڵی کزە .....

گومرگ - لە رێکەوتی ١١ی خەرمانان لە مەهاباد دامەزراوە و لە حاڵێکدا دەتوانێ غەرامە و پیتاکی یاسایی لە کالا وەرگرێ

٥ــ کوردەکان لە گشت ئامرازی ناوەوە وەکوو گەنم و رۆن و هتد. کە بازرگانەکانی مەهاباد بۆ ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەنێردرێ برە پارەیەک وەردەگرن لە ژێرەوە شارایەک دێنمەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| قوماش هەر تۆپ | ٢٠ قران | گەنم بارێک | ٢٠ قران |
| گۆرەویی هەر دوجین | ٢٠ قران | تووتن هەر بارێک | ٢٠ قران |
| رۆن تەنەکەیەک | ٢٠ قران | ئارد هەر بار | ٢٠ قران |
| بنزین و نەوت تەنکەی | ٢٠ قران | | |

مودیر ناحیەی مەهاباد لەسەتا پەنجای باجی شتەکانی سەرەوەی بە ناوی عەوارزیی گومرگ لە بازرگانەکان وەردەگرت بەڵام وەسڵەی نادا و دەڵێ لە مەودوا کێشەتان نابێ، بەڵام کوردەکانی مەهاباد لە بەرامبەر پارەی وەرگیراو وەسڵەیەک بە ناوەرۆکی ژێرەوە دەدەنە تاجرەکان.

" ناوبراو حەقی گومرگی خۆی داوە".

لە هێنانی برە پارەکە خۆ دەبوێرن تا لە دوایی دا کەس نەتوانی رادەی پارەی وەرگرتویان بزانێ. کوردەکانی عێراقی بە چەکەوە لە رێگەی خانێ (پیرانشار) مابەینی مەهاباد و میاندواو، رەزائیە و تەوریز بەردەوام لە هاتوچۆ دان، لە کاتی هاتنییان بە دینار و پارەی ئێرانی هەموو شت دەکڕن، تەنانەت توری سووریش. هیچکەس لە بنکەی پۆلیسی رەزائیە و تەوریز داوای پەساپۆرتییان لێناکا.

لە نووسراوەیەک کە لەو بارەوە بۆ بنکەی پۆلیسم ناردووە و هەروەها بە پێی تەلگەرافی ژمارە ٧٢٨٣ رێکەوتی ١٣٢١/٦/٤ ئێزنمان ویستووە  کە ئەو کوردانەی بە بێ پەساپۆرت دێنە ئێران غەرامە بکرێن، تا ئێستا وڵامی ئەو داواکارییە لە سەرێ را نەدراوەتەوە و ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بۆ خۆی تواناى وەرگرتنی ئەو غەرامەی هەیە، بەڵام چوونکوو ئەو ئیشە پەیوەستە بە دەسەڵاتی پەساپۆرت و بنکەی پۆلیس، هیچ کردەوەیەکی لە خۆی نیشان نەداوە.

هەروەکوو لە ژێر نامەی ژمارە ٣٧٧- ١٣٢١/٦/١٥(١٩٤٢/٦/٦ز) بە تەلگەراف عەرزم کردن، لە ماوەی ئەو ساڵ قاتی ڕوو لە مەهاباد دەکا، تا ماوە هەیە، دەبێ لەمەڕ ئەو بارودۆخە بڕیار بدەن. لە خاڵی یەکەم دەستەیەک هێزی باش بنێردرێنە سەر سنوورەکان تا لە دەرەوەکردنی خواردنەکان بەرگری بکەن، ئەگەر هاتنی هێزەکانی دەوڵەتی کێشەی هەبوو لە سوارەکانی خۆجەیی کەڵک وەربگیرێ.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ڕێگایەکی تر بوونی نییە، ئەگەر ئەو دو پێشنیارە جێ بە جێ نەکرێ، پێش زستان قاتی لەو ناوچەیە دێ، چۆن ڕێگا و بان دەگیرێن و هاتوچۆ نامێنێ، بێشک خەڵکێکی زۆر لە برسان دەمرن. بەندە بە پێی ئەرکی سەرشانم ئەوانەی چاوم پێکەوتوون، بە عەرزم گەیاندن، تا هەرچۆنێک سەروەرانم ئەمر بکەن با وابکەن.

سەرۆکی گومرگی تەورێز- مەرزبان- ئیمزا
نووسراوەکە لەگەڵ ئەسڵەکەی یەکە. سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی کارگزینی کشتی گومرگ- میرهادی- مۆر و ئیمزا
***

بەڵگەی سەرەوە گرینگیەکی زۆری هەیە، هەم باس لە بارودۆخی سیاسی ناوچە دەکا و هەمیش باسی ئابووری و شوێنی لەسەر خەڵک دەکا.

درووست لەو کاتە دایە کە جەنگێگیماڵوێرانکەر دونیای گرتبۆوە و لەسەر ئێران و کوردستانیش شوێنی دانابوو. گرانی و دەست نەکەوتنی ئەشیا و هاتووچۆی خەڵکانی دەرەکی و پێک هاتنی حیزبە کوردییەکان، ئاڵوگۆڕی لە ناوچە پێک هێنابوو. دەقی ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ باس لە تووڕە بوونێکی زۆری حکومەتە بێ دەسەڵاتەکەی ناوەندی ئەودەم دەکەن. لەو بەڵگەدا چەندین بابەت چڕ کراونەوە کە لە کاتی ئاسایی دا هەر یەک هی ناوەندێکن. باسی بارودۆخی نەگەنجاوی شار و دەوروبەری مەهاباد، باسی ئابووری، هێنانی نرخی چەند پێداویستی، پێشنیار دان بۆ کەڵک وەرگرتن لە هێزەکانی خۆجەیی، باسی مەحکەمە، باسی سەرۆک عێلی مەنگوڕ، باسی قایمقامەت و ڕادەی دەسەڵاتی، دوابینی بۆ هاتنی قاتی لە ناوچە، باسی هاتنی کوردانی باشوور و پەساپۆرت. کە زۆربەیان لە بازنەی ئیشی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ دا نین.

بەڵام بەڵگەکە هەرچەند لە زمان نەیاری کورد لەودەمدا نووسراوە، بەڵام زانیاری ورد دەدا بە خوێنەر. وەکوو نرخی خواردەمەنی، هاتوچۆی عێراقییەکان، بێ دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی، بارودۆخی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ، مەحکەمە، پەروەردە و فێرکردن، قایمقامەتی مەهاباد، هێزە عەسکەرییەکان، سەرۆک هۆزی مەنگوڕ، هێزە خۆجەیەکان و زۆر شتی تر.

**ئەنجامەکان:**

سەربەخۆیی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکی تایبەتدا سەری هەڵدا، شەری دووهەمی جیهانی، دارمانی حکومەتی ڕەزاشا و داگیرکردنی ئێران لە لایان سۆڤییەت و ئینگلیسەوە ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ وەدیهاتنی خەونی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایان پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دیموکراتەوە.

لە ڕەوتی ئامادەکاری بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، کاربەدەستانی کۆمار گرینگییەکی تایبەتیان داوە بە مەسەلەی ئابووری و بژیوی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بوون، بە پێی بەڵگەنامەکان و سەرچاوەکان دۆخی ئابووری لەو سەردەمەدا یەکێک لە کەڵکەڵەکانی سەرەکی حکومەتی کۆمار بووە، هەر بۆیە ئاوڕێکی جیددیان لێ داوەتەوە و حەولیان داوە کە ڕاگەیاندنی کۆمار لە بواری ئابوورییەوە گووشار نەخاتە سەر خەڵک، لەو سەردەمەدا ئابووری کوردستان لە سەر چەند بنەما دامەزرابوو کە بریتین لە کشتوکاڵ بە تایبەت بەرهەمی توتن، ئاژەڵداری، بازرگانی ناردن و هێنانی شتومەک لە ڕێگای گومرگی مەهابادەوە، لەو سەردەمەدا شاری مەهاباد ناوەندی گومرگی ناوچەکە بووە و شارەکانی دەوروبەر کاروباری گومرگییەکانیان لە مەهاباد جێبەجێ دەکرد، بۆیە گومرگ یەکێک لە سەرچاوەکانی بەڕێوەبردنی ئابووری کوماری کوردستان بووە. هەرچەند دوای هاتنی سپای ڕووس بۆ مەهاباد و هەروەها ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئیدارەی گومرگیان لە مەهاباد گواستەوە بۆ میاندواو بەڵام بازرگانیکردن یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتی ئەو سەردەم بووە.

دوای ڕاگەیاندنی کۆمار بە پێی ئەوەیکە ئابووری ئەو حکومەتە بەسترابۆوە بە کشتوکاڵ بە تایبەت تووتن، تێکچوونی پێوەندییەکان مەهاباد لەگەڵ تاران دەیتوانی ببێتە هۆکارێک کە جووتیاران نەتوانن بازارێک بۆ فرۆشتنی تووتنەکانیان بدۆزنەوە، بەڵام هەر ئەو کات کۆمار توانی لەگەڵ سوڤییەت و کۆمپانییای تەرەقی بکەوێتە ڕێکەوتن و تووتنی جووتیارانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار هەنارده کرێت بۆ سوڤییەت.

دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لەو چەند مانگی ژیانی خۆیدا لە بەشی ئابووریدا چەند ئامانجی تایبەتی هەبوو بۆ:

١- حەولی دا بژیوی خەڵک بە هاندانی جووتیاران بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ دابین بکات.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٢- پشتیوانی لەو بەرهەمە کشتوکاڵیانە بکات کە لە کۆماری کوردستاندا بەرهەم دێن و هەر لە چوارچێوەی حکومەتی کۆماردا بەکار بهێندرێن و هەناردە نەکرێن بە کۆنترۆڵی گومرک ڕێگری بکات لە فرۆشتنی بەرهەمە نێوخۆیەکان بە دەرەوە و هەروەها بە پێچەوانە.

لە کۆتاییدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە بە پێی بەڵگە و سەنەدەکان، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کاربەدەستان بە باشی تێگەییوون کە یەکێک لە ئەستوونەکانی حکومەت، گەشەپێدانی ئابوورییە و بۆ بەدەستەوە گرتنی گەشەی ئابووری پلان و پرۆگرامیان هەبووە.

## پەراوێزەکان

١- کومیتەی ئازادیستان بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو ئەبولحەسەنی سەیفۆلقۆزات لە تافی مەشروتە لە ئێران و پێوەندی نزیکیشی لەگەڵ شێخ محەممەد خیابانی هەبوو.(کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری. خەلیلی فەتاحی قازی، وەرگێرانی: حەسەنی قازی، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩)

٢- ئەو شوێنە لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا شوێنی ڕاگرتنی ئەسپەکانی پیاوانی ڕووس بوو، دوایی لە گەرمەی جەنگی دووهەمی جیهانیدا بوو بو شوێنی پیشاندانی "شانۆی دایکی نیشتمان".

٣- ڕاپۆرتی پێوەست بە بازرگانی بەرووبومە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکە کوردنشیەکان لەساڵی (1945) دەرچووە ساڵێک پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان بووە، ئەمەش وەک گووشارێک لەبەرامبەر ناوچە کوردییەکان، بەتایبەت مەهاباد بەکارهاتووە.

## سەرچاوەکان:

### بەڵگەی کوردی

١- بەڵگەی (١٤٩٠ـ ١٣٢٥/٧/١٧هـ، ١٩٤٦/٧/٩ز)، گومرکاتی کوردستان، بۆ شاری نەغەدە لە دەورەی کۆماری کوردستان

٢- بەڵگەی بێ ژمارە، وەزارەتی دارایی کوردستان، ماڵیاتی ساڵانی ١٩٤٦،١٩٤٥زاییینی، هەیئەتی کۆمۆسیون.

٣- بەڵگەی وەسڵەی گومرگی سمایل ئاغای شکاک

### بەڵگەکانی فارسی

١- سند شماره (٤٠٧٨١- ١٣١٤/٧/١٢ش، ١٩٣٥/٧/٥م)، اداره کل گمرگ، کشف جرایم در ساوجبلاغ، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، کەشفی جورم لە ساوجبلاغ، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

٢- سند شماره (١٢٧٦- ١٣١٨/٩/١٥ش، ١٩٣٩/٩/٧م)، ریاست محترم شرکت سهامی قماش- شعبه رضائیه، مغازه مختلط مهاباد، سازمان اسناد ملی ایران
**(بەڕێوەبەری بەڕێزی شەریکە قوماش، بەشی ڕەزائیە، دوکانی تێکەڵاو لە مەهاباد، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

٣- سند شماره (٦٧٥٩- ١٣١٨/٩/١٩ش، ١٩٣٩/٩/١٩م)، تلگراف، سازمان اسناد ملی ایران.
**(تەلەگراف، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

٤- سند شماره (٨٦٨٨- ١٣١٩/١/٢١ش، ١٩٤٠/١/١٠م)، اداره کل گمرگ، پرداخت بهای پارچەهای نخی ضبطی، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، دانی برە پارەی قوماشەکانی دەستبەسەر دا گیراو، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

٥- سند شماره (٧٧٠٧٧- ١٣٢٠/١٠/٢١ش، ١٩٤٢/١٠/٢١م)، اداره کل گمرگ، جدا شدن دارایی شهرهای تکاب و شاهیندژ از مهاباد، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، جوێ بوونەوەی دارایی شارەکانی تکاب و سائین قەڵا لە مەهاباد، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٦- سند شماره (٥٤٤٢/١٣٣٣٨- ١٣٢١/٤/٢٧ش، ١٩٤٢/٤/١٨م)، سازمان اسناد ملی ایران.
**(سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

٧- سند شماره (٩٣٤٨- ١٣٢١/٦/٢٣ش، ١٩٤٢/٦/١٤م)، اداره كل گمرگ، گزارش از مهاباد، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، ڕاپۆرتێک لە مەهاباد، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

٨- سند شماره (٣٠٨٥٨- ١٣٢١/٧/١٣ش، ١٩٤٢/٧/٥م)، اداره كل گمرگ، سفر به مهاباد رئیس گمرگ، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، چوون بۆ مەهاباد، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

٩- سند شماره (٢٤٥٣٦- ١٣٢١/٧/١٨ش،١٩٤٢/٧/١٠م)، وزارت خواروبار، سازمان اسناد ملی ایران
**(وەزارەتی خواردن، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١٠- سند شماره (١٧٦-١٣٢١/٨/٤ش، ١٩٤٢/٧/٢٦م)، وزارت كشور، تشكيل حزب آزاديخواهان كرد، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی کیشوەر، چۆنییەتی دامەزرانی حیزبی ئازادیخاهانی کورد، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١١- سند شماره (١٧٦-١٣٢١/٨/٣٠ش، ١٩٤٢/٩/٢١م)، اداره كل گمرگ، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١٢- سند شماره (١٣٢٤/٦/١ش، ٢٣/ ١٩٤٥/٨م)، سازمان اسناد ملی ایران.
**(سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١٣- سند شماره (٥٥٦- ١٣٢٤/٦/٢ش،٢٤/ ١٩٤٥/٨م)، اداره كل گمرگ، دستگيری سه نفر از اعضاء ژكاف، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، چۆنییەتی دەستبەسەرکردنی سێ کەس لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ێکاف، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١٤- سند شماره (٤٧٢١٧/٢٨٤٣- ١٣٢٤/٧/١٤ش، ١٩٤٥/٧/٦م)، اداره كل گمرگ، نحوەی انتقال گمرگ مهاباد، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، چۆنییەتی ڕاگوێزرانی گومرگ لە مەهاباد، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١٥- سند شماره (٢١٠٤٣- ١٣٢٤/٧/١٩ش، ١٩٤٥/٧/١١م)، سازمان اسناد ملی ایران.
**(سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١٦- سند شماره (١٣٢٤/٧/٢٠ش، ١٩٤٥/٧/١٢م)، سازمان اسناد ملی ایران.
**(سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١٧- سند شماره (٥٣٠٥٠٥/٣٣٠٧- ١٣٢٤/٨/٢ش، ١٩٤٥/٧/٢٤م)، گزارش كفيل دارايی در مورد واضاع مهاباد، سازمان اسناد ملی ایران.
**(ڕاپۆرتی کەفیلی دارایی، چۆنییەتی بارودۆخی مەهاباد، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١٨- سند شماره (٤٠٩٦/١٧٨- ١٣٢٤/٨/٨ش، ١٩٤٥/٧/٣٠م)، اداره كل دارايی، نحوەی گرفتن قند و چايی از تبريز، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی، چۆنییەتی دابەشکردنی قەند وچا لە تەورێز، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

١٩- سند شماره (٤١٢٦/١٧٨- ١٣٢٤/٨/١٤ش، ١٩٤٥/٨/٥م)، اداره كل دارايی، نحوەی توزيع قند و شكر در مهاباد، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی، چۆنییەتی دابەشکردنی قەند و شەکر لە مەهاباد، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

٢٠- سند شماره (٢٤٦٧٢- ٢٣- ١٣٢٤/٨/٢٣ش، ١٩٤٥/٨/١٤م)، سازمان اسناد ملی ایران.
**(سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

٢١- سند شماره (٥٩٤٨٩- ١٣٢٤/٩/٥ش، ١٩٤٥/٨/٢٦م)، اداره کل گمرگ، انتقال گمرگ مهاباد به میاندوآب، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، گوستنەوەی گومرگی مەهاباد بۆ میاندواو، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

٢٢- سند شماره (٤٠٩/٢-١٣٢٤ش، ١٩٤٥م)، اداره کل گمرگ، تاسیس اداره گمرگ در مهاباد، سازمان اسناد ملی ایران.
**(بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، کردنەوەی گومرگ لە مەهاباد، سازمانی بەڵگەنامەکانی مللی ئێران)**

**کتێبی کوردی**

- ئیگڵتون، ویلیام(٢٠٠٩). کۆماره کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦. وەرگێرانی سەید محەممەد سەمەدی. سلێمانی: بنکەی ژین.
- حەکیمزاده، فەرەیدون (٢٠٢١). زەبیحی ڕووناکبیرێکی گۆڕغەریب. چاپی یەکەم. مەهاباد: بلاڤۆگی ڕاژه.
- شەرەفکەندی، عەبدولرەحمان(1997). چێشتی مجێور، بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەژار. ئامادە کردن و سەرپەرشتی چاپ خانی شەرەفکەندی. پاریس
- فەتاحی قازی، خەلیل. (2009)، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لەویلایەتی موکری، وەرگێرانی: حەسەن قازی، چ١، دەزگای چاپ وبلاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- موکریانی: هێمن.(١٩٧١)، تاریک و ڕوون، چاپی بەغدا.
- مینۆرسکی، فلادیمێر: (2007)، بنچینەکانی کوردو چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێرانی: نەجاتی عەبدوڵلا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی.

**کتێبی فارسی**

١- ابالاس، ادگار.(١٣٧٧): جنبش کردها، ترجمه: اسماعیل فتاح قاضی، نشر نگاه، تهران
٢- امیدی، ستار. (1389): پیدایش و افول جمهوری مهاباد، دانشگاه بین المللی امام خمینی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، چاپ نشده، تهران.
٢- بدیعی، ربیع.(1373)، جغرافیای مفصل ایران، چاپ پنجم، چاپخانه اقبال، تهران.
٤- تمدن، محمد. (١٣٥٠)، اوضاع ایران در جنگ اول تا تاریخ رضائیه، موسسەی مطبوعاتی تمدن
٣-حکیمزاده، فریدون. (1389)، ساوجبلاغی موکری (مهاباد در آینه اسناد تاریخی)، انتشارات فرهنگی هیوا، مهاباد
٥- روزویلت، جونیور. (١٣٧٨)، آرچی، جمهوری مهاباد، تالیف: درک کینان، ترجمه: ابراهیم یونسی، چاپخانه نگاه، چاپ دوم، تهران
٦- شمیم همدانی، علی اصغر. (1370)، شرح جغرافیای طبیعی و سیاسی و اقتصادی کردستان و بیان نژاد و تاریخچه سیاسی و زبان و مذهب و تقسیمات ایلات کرد، انتشارات مدیر، تهران.
٧- صمدی، سید محمد (١٣٨٠-١٣٨١). ضمیمه نگاهی به تاریخ مهاباد. انتشارات رهرو. مهاباد
٨- صفی‌نیا، رضا.(بی‌تا)، استقلال گمرگی ایران، بی‌جا. بی‌نا
٩- فتاح قاضی، خلیل.(١٩٩٩). تاریخچه خانواده قاضی در ولایت مکری. ، تبریز
١٠- کاتم، ریچارد. (١٣٩٩)، ناسیونالیسم در ایران، ترجمه: احمد تدین، نشر کویر، تهران
١١- لیتن، ویلهیلم،(١٣٦٧)، خاطرات لیتن، ترجمه: پرویز صدری، نشر ایران شهر، تهران
١٢- مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات(1378). چپ در ایران، به روایت اسناد ساواك – حزب دموکرات کردستان – جلد اول.
١٣- محبوبی اردکانی حسین.(٢٥٣٧ شاهنشاهی). تاریخ موسسات تمدنی جدید در ایران. ج٢. دانشگاه تهران. تهران

**گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی**

١- ڕۆژنامەی کوردستان، ژماره (٩، ١٩٤٦/٢/٢٥ز)
٢- ڕۆژنامەی کوردستان. ژماره (١٨/١٩/٢٠/٢١- ڕەشەمەی ١٣٢٤هـ/١٩٤٦ز)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٣- ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح. (2007) - ڕۆژنامەی کوردستان (مەهاباد1324-1325ی هەتاوی) چاپی ئاراس، هەولێر
٤ـ نیشتمان ژمارە1، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی 1322هـ، حۆزەیرانی 1943ز
٥- کەریمی عەلی. نیشتمان (بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک)، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٨ز
٦- سوڵتانی، ئەنوەر. قازی، حەسەن. (٢٠٠٨)، ژیان و شێعرە کوردییەکانی سەیفولقوزاتی قازی، بنکەی ژین، سلێمانی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.13
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)